www.kurdistannet.org
15-3-2003 1:21

# ڕەنگە بارزانی، دوا سەرۆکی میللی بێت

## گفتوگۆی نووسەری سوێدی تۆرد ڤالسترۆم لەگەڵ سەرۆک مستەفا بارزانی مەزن

وەرگێرانی: کاوە ئەمین



**بۆ یادی سەد ساڵەی لەدایک بوونی بارزانی**

پێشمەرگەیک هاتە ژورەوە و بە کوردی شتێکی بە مەسعود بارزانی وت، پاشان مەسعود ڕوی کردە من وتی: ئێستا باوکم دەیەوێت بتبینێ.

لاندرۆڤەرێک لە دەرەوە چاوەڕوانی دەکردین. پێشمەرگەیەک لە پشتی سوکانەکەوە دانیشتبوو و تفەنگەکەی لە تەنیشت خۆیەوە دانابوو. تەنها گلۆپی وەستانی پێ کردبوو و بە تاریکی دەستی بە لێ خورین کرد. ڕێگایی هامیلتۆنمان گرتەبەر، پێش ئەوەی لابدەینە سەر ڕێگایەکی شاخاوی، فریایی ئەوە کەوتم لەلای خۆم تێبینی ئەوە بنووسم کە حاجی ئۆمەرانمان بە جێ هێشت. ئیتر دوای ئەوە من نەمزانی بەرەو کوێ دەڕۆین. بەڵام بەجامی ماشێنەکەوە تەرمۆمیترێکی بەرزی پێوان هەڵواسرابوو، دەم بینی کەچۆن بە هێواشی دەچووە سەرەوە و بەروە ١٩٠٠ مەتری دەکشا، دوای ئەوەی کە لە بەردەمی خانوویەکدا ڕاوەستاین کە من تەنها تارماییەکەیم دەدیت. هیچ شتێکم لە دەوروبەرەکە نەدەبینی، بەڵام ئیحساسی ئەوەم دەکرد کە واین لەسەر پشتی شاخێک کە بە لوتکەی بەرز دەورە درابوو. تیشکێکی سپی بەهێز لە دەرگایەکی کراوەی داڵانێکەوە هاتبووە دەرەوە.

سیامەند (وەرگێری نووسەرە سویدیەکە بووە) لەگەڵ پێشمەرگەیەکدا چەند وشەیەکیان ئاڵوگۆڕ کرد و پاشان چووینە ژورەوە. مستەفا بارزانی بە تەنها لە ژورەکەدا چاوەرێی دەکردین. یەک دوو دانە لۆکسی دەنگ دەرهاوەر، ژورەکەیان ڕوناک کردبووەوە. چەند قەنەفەیەکی جوان کە مێزێکی نزمیان لە بەردەمدا دانرابوو لە ژورەکەدا دانرابوون. بارزانی فەرموی لێکردین کە دانیشین و خۆشی لەبەرنبەرماندا دانیشت. دەست بەجێ پێشمەرگەیەک چای بۆ هێناین.

به جوانی لەو پیرە ئازادیخوازە ورد بوومەوە و نیگام لەگەڵ نیگا مێرانە بەڵام بێ گەردەکەی کەوت لە ژێر برۆ ڕەشە ئەستورەکانیەوە. جامانەکی بە شلی پێچابووەوە، تاڵە مویەکی ڕەش هاتبووە دەرەوە. زۆر سەنگیانە دانیشت بوو و دەستی لەسەر سکی دانابوو. بارزانی تەمەنی ٧٤ ساڵ بوو، بەڵام هێشتا بەخۆە بوو. خەنجەرێکی کردبوو بە بەر پشتێنەکەیدا و تەسبیحێکی بە دەستەوە بوو.

من دیاریەکم لەگەڵ خۆم بۆ هێنا بوو، ئەویش چەند زەرفێک بوو کە (پیوازی-سەلکی گوڵ) م تێکردبووە. پێیان وتبووم کە ئەو ژانراڵە بەتەمەنە حەزی لەگوڵە، چەند دانە (سەلکی گولی) بۆ بەرە.

زەرفەکانم دایە دەستی و بە (سیامەندم) وت، بۆی ڕونبکەرەوە. بە ئیشتیاوە گوێی بۆ شل کردبووم و زەرفەکانی کردەوە و سەیری ناو زەرفەکەی کرد. پێ دەچوو کە ئەوە بۆ یەکەمن جاربێت بیستبێتی کە گوڵ بەو شێوەیەش دەروێندرێت. پێم وت: وەرزی چاندنی ڕووەک لە کوردستان و سوێد تەقریبەن وەکو یەکە. ئەگەر ئەو سەلکانە لە پایزدا بخەیتە ژێر گڵەوە ئەوا دەبێت گوڵەکان لەبەهاردا سەر دەربهێنن. کەمێک سەرنجی سەلکی گوڵەکانی داو و بەدیقەت لێیان ورد دەبووەوە.

بەکورتی باسی سەفەرکەی خۆمم بۆ کوردستان بۆ کرد و پێم وت کە سەردانی بادینانم کردووە و چومەتە بەرەی شەریشەوە. پێم وت ئەوەی کەمن دیوومە هەم کاریگەریان لەسەر داناوم و هەمیش توشی هەڵچونیان کردووم، هیوادرام کە هەرچی زووترە شەڕ کۆتایی پێ بێت. پاشان لێم پرسی کە ئاخۆ هیوایەک ماوە بۆ گفتووگۆ و دانوساندن؟

لەوەڵامدا وتی: نەخێر. ئێمە جارێکی تر لەگەڵ ئەم ڕژێمەدا گفتوگۆ ناکەین. ئەم ڕژێمە تاوان بارە و لەلایەن هەموو خەڵکێ عێراقەوە نەفرەتی لێ دەکرێت. ئەوان نوێنەرایەتی خەڵک ناکەن. ڕژێمی عێراق ڕژێمێکی نامرۆڤانە و درۆزن و تاوانبارە.

شێوەی دەم و چاوی کە تا ئەو کاتەی سەیری گوڵەکانی دەکرد ئارامی پێوە دیاربوو، لە پڕێکدا گۆرا و ئێستا تەنها جدیەتی بریاردانی پێ وە دیاربوو.

لەسەرگەلی کورد پرسیارم لێ کرد و لێم پرسی، کە ئاخۆ دەتوانێت شتێک لەسەر گەلی کورد بڵێت، ئەوە چ هێزێکی تایبەتیە کە ئەوان هەیانە؟ یەکەم جار لە پرسیارەکەم تێ نەگەیشت، کاتێک داوام لە سیامەند کرد کە باشتر بۆی ڕونکاتەوە، ئاوا وەڵامی دامەوە:

من پێم وانیە کە جیاوازیەک هەبێت لە بەینی گەلی کورد و گەلانی تردا. ئێمە هەموومان لە یەک نەژادین و تەنها یەک نەژادیی مرۆیی هەیە. بەڵام هەڵوێست وەرگرتنی جیاواز هەیە و ڕەوشەکانیش جیاوازن. ئەوەی کە کوردەکان بەو شێوەیەی ئێستایان مامەڵە دەکەن، پەیوەندی بەوەوە هەیە کە ئێمە دوژمنێکی بێ بەزییمان هەیە. ئێمە گۆشەگیر کراوین و ئەتوانم بڵێم کە هیچ دۆستێکمان نییە، ئێمە ناچارین ڕوبەڕوی دوژمنێک ببینەوە کە هیچ ئیحساسێکی مرۆڤانەی تێدا نییە. دوژمنێک کە هیچ بەزەیی و ڕەحمێکی نییە.

ئەوە ئەوەیە کە کوردی ناچار کردووە، هێزی خۆی نیشان بدات. من دەزانم کە زۆر گەلی تریش هەن کە دەکرێت لەگەڵ کورد دا بەراورد بکرێن. هەر لە مێژەوە مرۆڤەکان بە دژیی هێرشکاران و چەوسێنەران خەباتیان کردووە. هەر ئەوەی ئێستا کە ئێمە دەیکەین. ئێمە لەناو وڵاتی خۆماندا،

بەرگری لەخۆمان دەکەین. ئێمە تەنها داواکاریمان ئەوەیە کە بژین. بەڵام ڕەنگە دنیا وای لێ هاتبێت کە ئەوە تەنها کورد بێت خەبات بۆ ئازادی و عەدالەت بکات.

لە سەر سوێد پرسیارم لێ کرد، ئایا تۆ لەبارەی سوێدەوە چی دەزانیت؟

- من هەستێکی تایبەتیم بۆ سوێد هەیە. دەزانم کە سوێد هەنگاوی باشی هەڵهێناوە و پێشکەوتووە. من سوێدیەکان وەکو برای خۆم دەبینم. من دەمەوێت کە تۆ سوپاسی ئێمە بگەیەنیت بە دەوڵەت و خەڵکی سوێد بۆ هاوکاریەکانیان.

بەڵام ئێوە لەلایەن سوێدەوە هیچ یارمەتیەکتان نەدراوە؟

بەو پرسیارەم کەمێک سەر و دڵیم گرت، لەڕاستیدا نەیدەزانی کە چۆن وەڵامم بداتەوە، پاشان وتی: ئێمە بەرێزەوە سەیری ئەو هاودەردییەی سوێد دەکەین کە پیشانی داوە. هیوادرام ئێستا کە تۆ بۆ خۆت بە چاوی خۆت

ڕاستیەکانت بینیوە، بۆ سوێدەیەکانی باس بکەیت و داوایان لێ بکەیت کە هەوڵی زیاتر بدەن. وەکو گەلێکی مۆدێرن و پێشکەوتوو، ئەرکی سەرشانی سوێدە کە هەوڵێک بدات بۆ ئەوەی ئەم شەڕە بووەستێنرێت.

من دەموسیت چەند ڕۆژێکی تریش لەگەڵ بارزانی بمێنمەوە، بەڵام دەمزانی داوایەکی وا نا بەجێیە. ئێستا کات درەنگی کردووە. ئەوەی کە من تێگەیشتبێتم، شۆڕشگێڕانی کورد بە شەو، بەرنامە ڕێژیی و سەرکردایەتی دەکەن. بێ دەنگی وخامۆشی باڵی بە سەر نزیکەی هەموو بەرەکاندا کێشاوە، هەموو گوندەکان ئاگرەکانیان کوژاندۆتەوە و خەوتون، بەڵام ئەو ژەنراڵە پیرە هێشتا بە خەبەرە.

بە بارزانیم وت: دەمەوێت لە سەر ژیانی خۆت بۆم بدوێیت. بەڵام ئێستا کاتی ئەوە نییە و کاتێکی زۆر دەخایەنێت. ڕەنگە من بتوانم جارێکی تر بە دیدارت بگەمەوە، دوای کۆتایی هاتنی شەڕ؟

- بە دڵنیاییەوە. تۆ بەخێر بێیتەوە بۆ کوردستان هەر کاتێک بتەوێت.

بیرم کردەوە، کێن ئەو گەورانەی دنیا کە بەراوردیان بکەیت لەگەڵ ئەم پیاوە دا؟ شایی ئێران کێیە. . . کەیسنجەر، پاڵمە، ویلسن؟ ئەمانە بەروارد بکەیت لەگەڵ مستەفا بارزانی. ڕەنگە ئەم پیاوە دوا سەرۆکی گەلانپەری بێت، دوا سەرۆک و تاقانە بێت.

سەرچاوە: تۆرد ڤالسترۆم، *چیاکان تەنها هاوڕێمانن*، ١٩٧٥.

تێبینی کوردستان نێت:

ئەم نووسینە دەربڕینی بیروبۆچونی خاوەنەکەیەتی، کوردستان نێت لە ناوەڕۆکەکەی بەرپرسیار نییە. ٧-٣-٢٠٠٣

www.kurdistannet.org کوردستان نێت